www.kurdistannet.org
17/07/2003 22:52

# دەسەڵات بۆ پەرلەمان وگەل ونەوەی ئەنفالکراوەکان:
# هاری شۆت چخە. . . !

## سەلام عەبدوڵڵا

سەرەڕای هەموو بۆچوون و رەخنە زەبرەکانم لە دەسەڵاتدارانی کوردستان، سەرەڕای هیواو و ئاواتە وەنەوشەییەکانم بۆ شێوەی ژیانی شایستە بۆ زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، دەنگم بەرزدەکەمەوە بۆ بەهێزکردنی پەرلەمانی کوردستان وەك سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیاردان. ئەوە ١٣ساڵە ئیدارە، پەرلەمان، زیندان، لەشکرو بەڕێوەبەرایەتی کوردستان بەدەستی حوکمڕانەکانی کوردستانە وخەڵکیش هیوای ئەوە دەخوازن، پایەو بنکەکانی ئەم حوکمڕانییە گەشەی پێبدرێ و بەسەر تاوان، کێشە و گرفتە زۆر و زەوەنەکان زاڵ بن، ئۆپۆزیتسیون ئازادی زیاتری هەبێ، کۆمەڵگاکەمان بە بڕیارو ویستی خۆی هەنگاو بۆ پێشەوە بنێ.

بەداخی گران و توڕەیی و قینەوە، ئەمڕۆ هەواڵی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی ملیتاریستێکی ئەمریکی بەدخو بەناوی (هاری شۆت) لە رۆژنامەی (هاووەڵاتی، ٧/١٦، لا. ٢) خوێندەوە. لەو کۆنگرەیەدا، ناوی هاری وەك (فەرماندەی هێزە هاوپەیمانەکان لە باکوری عیراق–نەك کوردستانی عیراق یا باشوری کوردستان) ناوبراوەو بەخۆیشی ناوی (رائد تۆماس گریگۆر) وەك بەرپرسی شاری سلیمانی ناو دەبا !

کێ بەرپرسیارە لە ژیانی خەڵکی کوردستان؟ ئەفسەرێکی ئەمریکی یا پەرلەمانی کوردستان؟ ئەی لە سلیمانی کێ بەرپرسیارە؟ پارێزەری سلێمانی یا رائد تۆماس بەرپرسیارە؟ خەڵك چی لەم بارەیەوە دەڵێن؟ ئەی بەرپرسەکانی یەکێتی و پارتی ئەو بۆچوونانەی هاری بە تەجاوز نازانن لەسەر ئۆتۆریتێتیان؟ هەڵویست لەدژی وەردەگرن؟ پرۆتێست دەکەن؟

بۆچی کوردستانیش داگیرکراوە؟ ئەی ئۆتۆریتێتی پەرلەمان چی لێهاتووە؟ ئەدی دانیشتیوانی کوردستان پێشی ١٣ساڵ لە خوێنڕێژی دەسەڵاتی بەعس رزگار نەبووە؟ ئەدی لە کوردستان، دوور لە دەسەڵاتی صەددام و دەزگاکانی، هەموو دەزگایەك دانەمەزراوە؟ ئەدی بۆچی دان نانێن بە ئیدارەکانی کوردستان؟ دەیان پرسیاری"ساکاری" تریش لە مێشکمدا دەخولێنەوە. . .

قسەکانی هاری تاوان و کەرامەتشکێنە لە ئاستی پەرلەمان، پارێزگاری سلیمانی و سەرجەمی خەڵك و دەزگا رەسمییەکانی کوردستان، چونکە: ١/ وەك داگیرکەرێك مامەڵە لەگەل خەڵکی کوردستان دەکەن. ٢/ پارێزەر و ئیدارەی شاری سلیمانی بەرپرسیارن لە رێکخستنی مەسەلەی (خۆپیشاندان) نەك ئەفسەرێکی ئەمریکی.

ئایا خەڵك دەستپێشخەری دەکەن بۆ خۆپیشاندان لە دژی ووتەکانی هاری؟ ئایا ئەوەی بەو شێوەیە بیربکات و بدوێ، شایانی ئەوە نییە لە کوردستان شاربەدەر بکرێ یا لەلانی کەمەوە، رۆشنبیران هیمەتێك بکەن بۆ رسواکردنیان؟. . . .

٢٠٠٣/٧/١٦

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.